**بۆ ئەو دۆستو ئازیزانەی کە لە نەرویج ئیمزای یاداشتی هاوبەشی (کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان‌و کوردستان نێت) یان کردووە.**

بە سلاوێکی گەرم‌و دەستتان ئەگوشم.

بەڕێزان،

کەمپینی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە زنجیرەی کارەکانی لە پێناو بە ڕەسمیەت ناسینی ماڧ ڕیفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان‌و بڕیاری جیابوونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، دوو کۆنگرە ئەبەستێت یەکێکیان لە کوردستان لە شاری سلێمانی‌و ئەوی تریان لە بەریتانیا لە شاری لەندەن. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کات‌و شوێنەکانیان ئەتوانن سەردانی سایتی ڕیفراندۆم بکەن ( http://www.kurdistanreferendum.net ).

ئێوە بۆ خۆتان ئەزانن کە کوردستان لەم کاتەدا بە چ وەزعێکی حەساسدا تێئەپەڕێ. هەڕەشەی ئەوەی کە دووبارە خەڵکی کوردستان بخرێتەوە بەردەم چەوساندنەوەو ستەمی میللی کە چەند ساڵە بە دەستی‌یەوە ئەناڵێنێ، بە ئاشکرا لەزاری یاوەرەوە ڕاگەیەنراو لە دەستوری پێشنیارکراوو هاوکێشە سیاسی‌یەکانیشدا، ئەم مەسەلەیە بە بێ چارەسەرکراوی هێڵراوەتەوە. ئایندەیەکی گەش‌و باشتری ئەم چەند ملیۆن ئنیسانە بەوەوە بەستراوە کە چەندێك لەم دەورەیەدا لەدەوری خواستی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستان پێکەوە کۆئەبینەوە. یان ئەوەتا بەباڵ بەستراوی جارێکی ترو بۆ دەیان ساڵی تر تەسلیمی ژێردەستەیی‌و ستەمی میللی‌و چەوساندنەوەمان ئەکەنەوە، یان ئەوەتا بە ئیرادەو هەوڵی هەموو خەڵکی کوردستان ئەتوانین بۆ یەکجاری کۆتایی بەو ستەم‌و چەوساندنەوەیە بهێنین‌و کوردستان بکەین بە وولاتێکی سەربەخۆ. ئێستا کە بانگەواز بۆ هەڵبژاردن لە سەراسەری عێراقدا ئەکرێت، ئەبێ دەنگی ئێمە دەنگێکی جیاواز بێت. دەنگێك کە بڵێ خەڵکی کوردستان بەشداری ئەو هەلبژاردنە ناکەن کە هەر لە ئێستاوە پلە دوویی‌یانی تیا ڕاگەیەنراوە، وە ئەبێ پێش ئەوە ڕیفراندۆم وەك ماڧێکی ڕەسمی‌و شەرعی بۆ خەڵکی کوردستان بسەلمێنرێ. واتا ئایا ئێمە ئەسڵەن ئەمانەوێ لەگەڵ عێراق بمێنینەوە یان جیاببینەوە؟ کاتێك خەڵك دەنگ بەو جیابوونەیە ئەدات، ئیتر هیچ مانایەك بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی عێراقدا نامێنێتەوە. کۆنگرەی لەندەن‌و سلێمانی، هەوڵێکە لە پێناو وەرگرتنی ئەو ماڧەدا بۆ خەڵکی کوردستان. بۆیە من بانگەوازتان ئەکەم کە بە هەرجۆرێك پێتان ئەکرێت بەشداری تیا بکەن. بە کەس‌و کارو دۆست‌و هاوڕێیانی کوردستانتان بڵێن کە لەوەی کوردستاندا بەشدار بن‌و ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن. وە یان خۆتان بە ناردنی نامەی پشتیوانی بەشداری تیا بکەن. هاوکاتیش بۆ ئەوەی لەندەن بوارێکی زیاتر بۆ بەشداری کردن هەیە، چ بە ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ، یان بە ناردنی نامەی هاوپشتی‌و پشتیوانی. (بۆ ئەم مەبەستەش ئەتوانن سوود لەو بانگەوازەی هیدایەتی مەلا علی وەربگرن لەم لینکەدا http://www.dengekan.com/doc/2004/11/hidayat18.pdf )......

سەرکەوتنی کۆنگرەی لەندەن‌و سلێمانی‌و هەنگاوو کارەکانی تری کەمپینی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان‌و لیژنەکانی تری ڕفراندۆم‌و هەوڵی کەسایەتی‌یەکان، سەرکەوتنی خواستی جیابوونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. با بە هەموومان هەوڵەکانمان یەك بخەین.


**جمال محسن**

**نوێنەری کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە نەرویج**

بۆ هەر زانیاری‌یەك یان هەر پێشنیارێك، ئەتوانن پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفونی:

47276028 (0047) یان ئیمەیلی: jamal_muhsin@yahoo.com